کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
23-10-2007 1:01بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# کۆتایی هاتن بە کێشە سنوریەکان پابەندە بەچارەسەرێکی گونجاو بۆ کێشەی کورد لە باکوری کوردستان ... هەورامان علی تۆفیق

کێشەی سنورو خۆسورکردنەوەو هەڕەشە و بەڵێنەکان بۆ پەلامارو یەکلاکردنەوەی کێشەکان زەمەنێکی زۆرە بەردەوامی هەیە و ئەمەش نەك تەنها لەگەڵ تورکیا بەڵکو ئێرانیش، بەڵام ئەم وڵاتە بە شێوازێك و سیستەمێکی دیبلۆماسیانە تر مامەڵەدەکات و باری گرژی وولاتەکەی بەرامبەر ئەمریکا و جیهان بەهۆی کێشە ئەتۆمیەکەیەوە نایەوێ بارو دۆخەکان لەخۆیی زیاتر ئالۆزتر بکات و ئەم وولاتە لەلایەکی ترەوە کارەکانی خۆیی ئەنجام دەدات کە خواروی عێراقە و دەست بەسەراگرتنی دەسەڵاتی عێراق دەست وەردانە کاروبارە سیاسیەکانیەوە بەو شێوەی کە دەبینین.. ئەگەر بۆ مێژووش بگەڕێینەوە کێشە سنوریەکان بوونە هۆیی بەستنی چەندین ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی یان ئەو ڕێککەوتننامە چەند قۆڵیانەی لە نێوان وولاتان دژ بەکورد ئەنجام دەدرێن لەوانە ڕێککەوتنە شومەکەی جەزائیرو پاشان شەڕی 8 ساڵەی عێراق ئێران کە سەرچاوەکەی کێشەی نەتەوەیی کورد بوو، بۆیە پێش ئەوەی بیر لەهیچ مەسەلەیەك بکەینەوە و باس ئەجندەکان بکەین دەبێ ئەوەمان لەبەر چاو بێت کە کێشەی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێویستی بەچارەسەرێکی بنەڕەتی هەیە..

تورکیا ئەو وولاتەی وەك ئەوەی ئێستا بوونی هەیە سنوری بەعێراقەوەیە، واتە وەك دوو دەوڵەت عێراقی ـ تورکیا، بەڵام سنورەکان لەهەردوو لاوە کوردستانین و خاکی نەتەوەیی کوردە و ئامانج و خواستە نەتەوەیی و بەرژەوەندەیەکان بۆ ئایندە بەیەکیانەوە دەبەستێتەوە بەدرێژایی مێژوو. ئەوەی بەدی دەکرێت لەهەڵوێست و مامەڵەکردنی دەوڵەتی عێراقی و بەشێوەیەکی تایبەتی لایەنی عەرەبی لەم وولاتە کە پێش ئەوەی وەك وولاتێکی دراوسێ بیربکەنەوە وەك نەتەوەیەك بیردەکەنەوە کە بەدرێژایی مێژوو بەدەم ئەم کێشەیەوە دەناڵێنن و توانایی چارەسەرکردنیان نیە و نایەنەوێت چارەسەریشی بکەن بەو پێیە تەماشایی مەسەلەکان دەکەن و دواتر دێنە سەر ئەوەی وەك دوو دەوڵەتی هاوخەم لەومەسەلەیەدا، لەگەڵ ئەوەی ئەمڕۆ باری عێراق جیاوازی هەیە لەوەی پێشوو تاڕادەیەك مەسەلەکان دەگۆڕدرێن و باسەکان نەرم ترو کەمتر کوشندە دەبن ئەویش بەئاگایی و چاودێری بەردەوامی دەسەڵاتی سیاسی کوردی دەبێت.

حکومەتی عێراقی لەسەر زاری گەورە بەرپرسانی وەك سەرەك وەزیران و سەرەك کۆمارو جێگری سەرەك کۆمارو و گەورەبەرپرسانی دی لەدەسەڵات و لایەنە سیاسیە عەرەبیەکان دوولایەنەیە و وەك خۆیان باس لەشەفافیەت دەدەکەن لێدوانەکانیان ئەو شەفافیەتەی تێدا بەدی ناکرێت، وەك سەرەك وەزیران لەسەر زاری خۆیەوە داوای کرد بەکارکردن و کاراکردنی کاری لیژنەی سێ قۆڵی (عێراق ـ ئەمریکا ـ تورکیا ) بۆ چارەسەر کردنی ئەم کێشە سنوریەی نێوان هەردوو وولات. لەگەڵ ئەوەشدا جەختی لەسەر ئەوەش کردەوە کە هاوکاری نێوان هەردوو وولات و پتەوکردنی پەیوەندیەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی گروپ و ڕێکخراوە تیرۆرستیە قەدەغەکراوەکان لەوانەش (پەکەکە) .

پاشان سەردانی تارق الهاشمی جێگری سەرەك وەزیران و بیروڕای بەرەی تەوافق بۆ ئەو مەسەلەیە لەڕوانگەیەکی عەرەبیەوە و بەدڵنیایەوە دوورە لەچارەسەر کردنی کێشەی نەتەوەیی بۆ کورد چونکە ئەوانە لەعێراقدا کە کورد خاوەن هەرێمێکی سەبەرخۆ و دەسەڵاتە و گرفت و کێشەی بۆ دروست دەکەن و دان بەماف و خواستەکانیدا نانێن دەبێ چۆن بۆ کوردەکانی باکوری بکەن..

هەڵوێستی ئەمریکاش لەم مەسەلەیەدا لەگەڵ ئاشکرابوونی بەڵام هەندێك نادیاری پێوە دیارە ئەویش بەتێڕوانین بۆ چۆنیەتی چارەسەر کردنی کێشەی کورد لەتورکیا، سەبارەت بەهەرێمی کوردستان و تێکدانی ئەمن و ئاسایشی ئەم هەرێمە کە ئامانجێکی حکومەتی تورکیە لەو لەشکر کێشیەیی کە بەنیازە بۆ کوردستانی باشور، لێرەدا کێشەی نێوان تورك و ئەمریکا لەسەرەتایی دەست بەکاربوونی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئەمریکا بۆ ئەنجام دانی پرۆسەی ئازادی عێراق کێشەی نێوان ئەم دوو وولاتە دەستی پێ کرد لەڕوانگەی تێڕوانین لەبەرژەوەندیەکانی خۆیانەوە یەکیان نەگرتەوە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ کێشەکانیان قوڵتربوونەوە، ئەمە وەك لایەنێك، لایەنێکی دی ئەو بڕیارەی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکی سەبارەت بەکوشتنی ئەرمەنیەکان لەسەردەمی عوسمانیەکاندا بە کۆمەڵکوژی ناودەبات.. ئەمەش بووە هۆیی توڕەیی تورکەکان و واپێدەچێت لەگەڵ خواستە دێرینەکانی ئەم وولاتە و ڕق کینەی بەرامبەر بەکورد دواتر کێشەی کەرکوك و بابەتە ناوخۆیەکانی عێراق کە بەناوی پاراستنی مافی نەتەوەیی تورکەوە لە عێراق دەستی تێوەردەدەن و خەونی لەمێژینەی گێڕانەوەی ویلایەتی موسڵ بۆ دەوڵەتی تورکیا.

بەڵام کەس بۆیی نیە باس لەکێشەی نەتەوەیی کورد لەو وولاتەبکات چونکە کێشەیەکی ناوخۆییە.. لەم لایەنەشەوە دەکرێ باس لە لایەنی شاراوەیی خواست و بەرژەوەندیەکانی ئەمریکاو وولاتانی ئەورووپی و ڕای گشتی جیهانی و نێو دەوڵەتی بکەین کە بەشێوەیەکی ئاشکراو ڕوون باس لە کێشەی نەتەوەیی کورد لەناوچەکە ناکەن و داواناکرێت کە دەبێ ئەو وولاتانەی وەك تورکیاو ئێران و سوریا کێشەی ئەم نەتەوەییە لە سادەترین مافەکانی خۆیان دەستەبەربکەن و دان بەبوون نەتەوەیی یاندا بنێن، بەڵام پاساویی کێشەی ناوخۆیی و دەست وەرنەدانە کاروباری ناوخۆ وەك چۆن سەردەمانێك بەهەمان شێوە و هەمان هەڵوێست بەرامبەر جینۆسایدی ڕژێمی بەعسی بۆسەر هەرێمی کوردستان بەدرێژایی مێژوو دووبارە دەکەنەوە.

هێزەکانی ئەمریکا و بەپێی سەرچاوکانی هەواڵ کە بیردەکرێتەوە لە دۆزینەوەی بەدیلێك بۆ بنکەی ئینجەرلیك ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە ئەمریکا خۆیی لەو چەند شتانەی کە هێشتا تورکیا وك پاڵەپەستۆ و هێز دژ بەئەمریکا بکاریان دەهێنێت و ئەمریکاش بەنیازی خۆدەربازکردنە لێیان، دواتر ووتەی حکومەتی ئەمریکی و جەنەڕاڵە پلە بەرزەکانی لەو هۆشداریەی کە دەدرێتە تورکیا بۆ هێرش نەکردنە سەر هەرێمی کوردستان و دان بەخۆداگرتن و لەهەمان کات دا ئەوەش دەوترێ کە هەرێمی کوردستان و عێراق خاوەن سەروەری خۆیەتی و مافی خۆشیەتی بەرگری لەسنورەکانی خۆیی بکات و ئەمەش مانایی ئەوە نیە کە هێزەکانی ئەمریکا لەگەڵ سوپایی عێراقی بەرەنگاری سوپای تورکیا دەبێتەوە، بەهەمان شێوەش نەتەوەیەکگرتووەکان و لەسەر زاری ئەمینداری گشتی نەتەوەیەکگرتوەکان (بان کی مون) کە هەمان هەڵوێستی هەبوو سەبارەت بەو هێرشانە..

لێرەدا چەند پرسیارێك دێنە پێش لەوانە ئامانجەکانی دەوڵەتی تورکی لەو لەشکر کێشەی بۆ سەر هەرێمی کوردستان.. ؟ هەڵوێستی ئەمریکا و ڕای گشتی جیهانی لەکاتی سنوربەزاندنی سوپایی تورکی بۆ هەرێمی کوردستان.. ؟ کاریگەری ئەو هێرشانە لەسەر بارودۆخی ناوچەکەو باری هەرێمی کوردستان و عێراق بەگشتی.. ؟ هەڵوێستی حکومەتی عێراقی و سوپایی عێراقی چی دەبێت.. ؟ تاچەند دەسەڵاتی کورد و سوپایی هەرێمی کوردستان و هێزی (پەکەکە) توانایی ئەو بەرەنگابوونەوەیی دەبێت.. ؟ ئەوکارەسات و ماڵ کاولی و وێرانکاریانەی بەسەر دانیشتوانی ئەو سنوورەدا دێت دوای ئاوەدانکردنەوەی ژیانێکی چەند ساڵەی ئارام دووبارە ئاوارەیی و کاولکاری و هەڵهاتن و مەرگەسات بەرۆکیان دەگرێتەوە.. سەرەڕایی ئەوەش ئەم شێوە هێرشانە و بێ دەنگ وبوونی ڕای گشتی بەرامبەریان دەرگایەگ دەکاتەوە بۆ ڕێگا خۆشکردن لە هێرشی هاوشێوە لە دراوسێکانی ترەوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان...

گرنکە خێرخوازان و دەسەڵاتی کورد و دۆستان و ڕای گشتی و جەماوەرو کۆمەڵگای کورد بە یەك دەنگی ئەوە بسەلمێنێ کە کورد پێویستی بەچارەسەری کێشەی نەتەوەیی و خاك و وولات و سەروەری هەیە و

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دەبێ شێوازەکان بۆ یەکلا کردنەوەی بنەڕەتی کێشەکان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی وەك چۆن کاربۆ چارەسەرکردنی کێشەی فەلەستین دەکرێت دەکرێ بەهەمان شێوەش هەوڵەکان بۆ کورد بخرێنەگەڕ ئەگەر خواست و نیەتی پاك لەئارادابێت بەرامبەر بەنەتەوەی کورد... ئەگەر لەڕوانگەی گۆڕانکاریەکانەوە تەماشابکەین ئەو نیەتە پاکە بۆ چارەسەری کێشەی کورد بوونیە و تەنها ئەوەی هەیە بەرژەوەندیەکانن و کوردیش وەك کارتێك لە گەمەی سیاسی ناوچەیی دا بەکاردەهێنرێت و ئەو کاتانەی پێویست دەکات دەهێنرێتە سەرمێز و ئەوکاتانەی بوونی زیان بەخش دەبێت لەبیر دەکرێت و ناوی نابرێت. ئەمەش بەوە دەسەلمێنرێ کە باس لە چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە ناکرێت تەنانەت حکومەتی عێراقی بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی گونجاو ئاشتیانە بۆ کێشەی (پەکەکە) دوولایەنە، لەلایەنێکەوە گڕی ئاگرەکە لەخۆیی دوردەخاتەوەو دواتر چی بەسەر نەتەوەیەك دێت گرنگ نیەو کێشەی ئەویش نیە.. یا ئەوەتا بەو هەست کردن بەمەسولیەتەی کە بەڵێ نەتەوەیەك تووشی زوڵم و زۆرو سڕینەوی نەتەوایەتی دەبێت و تا کێشەی ئەو نەتەوەیە چارەسەر نەبێت ئەوە گرفتی سنوری ئەم وولاتە بە وولاتانی دراوسێوە بەکۆتایی نایەت و بۆیە دەبێ ئەو شەفافیەتە ئەمڕۆ لەو شێوە گرفتانەدا بەدیار بکەوێت و دۆزی کورد لەسەرمێزی گفتوگۆ و گەیشتن بەمافەکانی خۆیی بەکۆتایی بهێنرێت تا کێشە سنوریەکان بەهەمان کۆتایی بگەن و دووبارە نەبنەوە...

تێبینی:

ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی کوردستان ڕاپۆرت ژمارە 314 بە بەرواری 21. 10. 2007 بڵاوکراوەتەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.